# شاری دەرەوی مێژوو و تەهلیلە شیعرییەکان

د. ئەحمەدی مەلا

"رەنگی خۆڵ" دەقێکێ شیعرییە نەزەند بەگیخانی و دلاوەر قەرەداغی نووسیویانە. دەزگای ئاراس چاپی کردووە.

شعر لە "رەنگی خۆڵ" دەگەڕێتەوە بۆ زەمانە هەرە سەرەتاییەکان، مەبەست لەو زەمانانەیە کە ئینسان و گەردوون، ئینسان و شتە بینراو نەبینراوەکان، ئینسان و سروشت، ئەگەر یەک شتیش نەبووبێتن، ئەوە ئاوێزانی یەکتر دەبوون. مەبەست لەو قۆناغانەیە کە سیحر لە هەموو شت دەکرا. وشە و ئینسان، وشە و جەستە لەیەک جوودا نەدەکرانەوە. واتە زەمانی سروود و تەهلیلەکان، زەمانی دەنگ. دەنگی بە کۆمەڵ. واتە کۆ–دەنگ. گشت ئەم واتانە یەک شت دەگەیەنن ئەویش زەمانی پیرۆزە. تا پانتایی زەمانی پیرۆز پانوپۆڕ بێت هەندە هەوڵدانێکە بۆ گرێدانەوەی زەمانی ئێرە بە زەمانی ئەوێوە. ئەگەر زاراوە میکرۆکۆسم بەرامبەر بە ماکرۆکۆسم دابنێین، ئەوە تەنها ئەوە دەگەیەنێ کە دونیای ئێرە وێنەیەکی بچووکراوەی وێنە گەورەکەیە، وێنە ئەزەلییەکە، وێنە بێگەردەکەی ئەودیو.
ئەم سرووده، (لێرە سروود بە مانا ئاینی و سەرەتاییەکەی بەکار دەهێنم) لە بۆ شار دەوترێت. شارێکی دێرین، بەڵکو شارێکی خەونین واتە ئۆتۆریک، زۆر لە شاری هاوچەرخەکانەوە دوورە. بەو مانایەی کە سروودیکی سەرەتایی بۆ شارێکی سەرەتایی دەوترێت!
یەکێ لە بیچمە ئارکائیەکانی ئەم شارە رۆژی جەژنە، هەموو جەژێکیش نا، بەڵکو لێرە جەژنی قوربان مەبەستە. ئەگەر وشەی قوربان لە کۆ–زاکیرەی کوردی دا بە واتای خۆ فیداکردن بێت، بەڵام واتا ئیتیمۆلۆژییەکەی بە مانای نزیکبوونەوە دێت. ئەم دوو واتایەک یەک دەگرنەوە و دەبنە یەک شت. ئەویش گەیشتنە بە مەرام، نزیکبوونەوەیە لە مەرام لە رێگای خۆ فیداکردن و خۆ بەختکردن دا. ئەم دوو واتایە لە دەسپێکی یەکەم دا، ئەگەر واتایەکی میتافیزیکی و سیحرئامێزی هەبووبێت، ئەوە لە چاخە نوێیەکان دا، واتا عەلمانییەکانی دەکرێتە بەر لە گەڵ تەونێ واتای دیکە، بۆ مەبەستی دیکە بەکار دەهێنرێت.

" شار غەرقی نوور بوو"
"نووری جەژن و نووری قوربانی و نووری ئیسماعیل و نووری ئیمان.لا٢٢" ئەمە سەرەتای ئەو سروودەیە کە لە سەر سەکۆی قوربانیی دا دەست پێدەکات لە باوەشی خودا دا کۆتایی دێت. ئینسان لە سەفەر دایە، سەفەرێک بۆ ئەوەی بگاتەوە، یا بگەڕێتەوە باوشی نوور. هەڵبەتە ئەم واتایانە لە ئەدەبییاتی سۆفیگەریی دا بە تێروتەسەلی بەکارهاتوون، بەڵام لێرە ماوەیەک لە نێوان بێژەر و ئەو مەیدانەی کە قووربانییەکانی تیا بەرپا دەبێت، دروست بووە.

شار و خەڵک ئاویزان دەبن و بۆ ئەوەی یەک ئەوی دی پاقژکاتەوە. یەک ئەوی دیکە بەرە و تەهارەت بەریێت. شار دەکەوێتە سەما و حاڵگرتن و شاعیرانیش دەپاڕێنەوە. لە کێ دەپاڕێنەوە؟ رووی دەمی کۆ–دەنگ بەرەو " مەولا" ئاراستەکراوە : رەخساری کۆن و نوێی گوێگرە. رەخساری وەسیتە لە نێوان شاعیر و خوا. روخساری "گەورەیە". ئاڵوگۆڕیی شیعرییە لە نێوان کۆ–دەنگی شاعیران و مەولا دایە. لەو نێوانە شار دەمێنێتەوە. با بزانین رەهەندە جیاکانی شار چۆن خۆی بەیان دەکات؟

شار–پەرستگایە. شوێنی پیرۆزە و ئا لەوێ، لە سەر سەکۆکان قوربانی ریز دەکرێن و وەکو بەرخ سەردەبڕێن. بۆ کێ ئەم قوربانییانە دەکرێن؟ شار–پەرستگا هەمیشە بیر لە قوربانی دەکاتەوە. شار–پەرستگا بۆ ئەوەی هەمیشە بە پیرۆزیی بمینێتەوە، لە ناخە شاراوەکانی دا، هەمیشە خۆی تەیار دەدات و بۆ ئەوەی خوێن بریژرێت، تا شار خۆی نوێ کاتەوە و تەیار بێت. بۆ ئەوەی ئێمە ئیتر غەرقی پیرۆز بین و سەرتاپای کەشەکانمان لەوێ بەرپا بکەین. لێرە شیعر دەبێتە نزایەکی ئەبەدی و ئینسانیش وەکو قوربانییەکی ئەبەدی خۆی تەرح دەکات!
ئەفسانە و چیرۆکەکانی رۆژهەڵاتی کۆن پڕن، بەڵکو لێواولێون لە رەمزە ئاینی و ئەبەدییەکان. "برایم هەمیشە لە بەرخێکی نوێ دەگڕێ" هەروەها " تەیرە ئەبابیلەکانیش هەمیشە لە دەوری شاردا دەخوولێنەوە" ئێمە لە چیرۆکە تەوراتی و قورئانییەکانین. واتە رەمزەکان دەبنە بنەما بنەڕەتییەکانی شار و شار لە سەر ئەو کۆڵەگانە بەند دەبن.
ئێمە لە نێو جەژنی "پێگەیشتنین"! واتە نزیکبوونەوە لەو دیوی شتەکان. ژیان سەرتاپا ماناکانی ون دەکات و ئەودیوی شتەکان سەرتاپای ماناکان دەقۆزنەوە. ئەمەش وادیارە رووە شاراوە و ئاشکراکانی شارە.
پیرۆز وێنەی ئەودیو دەکێشێت. تا پانتایی پیرۆز پەرین و پان بێت، ئێمە هەندە لەو دیو نزیکبووینەتەوە. بۆیە مزگەوت دەبێتە پەرستگا و پەرستگاش دەبێتە شار. واتە ئینسان تەنها ئامانجی ئەوەیە کە ئێرە بە ئەویوە گرێ بدات. ئەمە تاقە رێگا و تاقە چارەسەرێتی. " رێگایەک بەرەو ئێرە/ رێگایەک بەرەو ئەوێ/ رێگایەک بەرە و ئەو شوێنەی کە هەرگیز لێی نابیت. لا ٣٢"
شار ئەفسانەییە! بە مانا شیعریی و مێژووەیەکەی. لە مانا شیعرییەکەی رەمزەکانی "پەپوولە و گوڵ" سەرتاپا ئەدەبی سوفیگەری دەتەنێ و پانتایی شیعری کوردی کلاسیکی غەرق کردووە. " لەوێ پەپوولەیەک لە ناو رۆشنایی سەما دەکات/ گوڵێک گۆرانی دەڵێت. لا ٣٦"

شار لە هێزە غەیبییەکان دەپاڕێتەوە و پە پێوە راوەستاوە و دوعا دەکات. دوعا دەکات تا ئەم سەفەرە کۆتایی بێت و مەرامەکان بێنە دی و دونیا روخسارێکی دی بگرێتە خۆ. " شار لە سەر بەرماڵەکانی دوعا. لا ٤٠." شار لە چاوەڕوانی هەمیشەیی دایە. بەڵام هیچی لە دەست دا نییە. شار لە نێو خۆی دا قەتیس ماوە و مێژووی خۆی نانووسێتەوە. بەڵکو شار لە دەرەوە مێژوو دایە.
ئەمە راستەقینەترین وێنەیە کە بۆ شار گیرابێت. " قەدەرت لە سەر بەردێکی ئەو شارە هەڵکەنراوە!. لا٤٢".
پرۆژەی ئەم کۆ/دەنگە لێرە کۆتایی دێت. هی ئەم کۆ/دەنگە شیعرییە. پیرۆز لە دەرەوە مێژوو دایە.

واتە هەموو قوربانییەکان بە فیڕۆ دەچن! چونکە ئێمە لە دەرەوەی مێژوو داین. دوو جۆرە قوربانی هەن :

١- قوربانی دونیای پیرۆز تا لە زەمەنی پیرۆزی بێگەرد نزیکبینەوە.

٢- قوربانی دونیای پرۆفان، یا دونیەوی بۆ ئەوەی ئایندەی پێ دروست بکەین.

ئەگەر ئێمە بە باشی لە "ڕەنگێ خۆڵ" ورد بینەوە لەوە تێدەگەین کە حەزرەتی برایم بە بێ سوود دەستی سمایل دەگرێت!

" ئەو بەرخە سەرپشت خەنەییە بۆ کوێ دەبەی؟/ لەو دەشتە تەنیایانە!/ هیچ خودایەک نایەتە گۆ/" لا ٤٨.

سەرتاپای چیرۆکەکانی عیشق و عاشق لە سەر لاپەڕەکانی مەرگ دەتوانی خۆی بنووسێتەوە. ئەمە سەرتاپای ئەفسانە و حەکایەتەکانی ڕۆژهەڵاتمان بۆ دەنووسێتەوە. لەیل و مەجرووم، شیرین و فەرهاد و دەیان حەکایەتی دی کە تەنها ماناکانی عیشق لە مەرگ دا دەبینێ. " لە سبەینێ زووتر نییە/ شار دەبێتە عاشق.لا ٦٠" نەک تەنها ئەمە و بەس، بەڵکو مێژووی خۆی لەو مەرگە دا دەبینێ. شار " دەکەوێتە پاکنووسکردنی عومری خۆی" لا ٦٠.

گومانی تێدانییە ئەم کۆ/دەنگە شیعرییە لە پێناوی ئیستا و لە ئێستا دا نووسراوە. یا ڕاستر ئەم لاڵانەوە و تەهلیلەیە لە سەدەی بیستویەک دا وتراوە. ڕەنگبێ تەهلیلەیەک بێت لە بێهوودەیی چنرا بێت و لە لەحزەکانی ئێستاوە برژێتە نێو عەدەمێک.

ڕەنگبێ دوو جۆرە تەهلیلە و دوعا کردن هەبێت. یەکەمیان لە ڕامانەکان و دیاناکانی بوداوە نزیک بێت. واتە لە نێو هۆشیارییەکی تەواو و ئاگادارییەکی تەواو و ئیحساساتی تەواو دا ئینسان بگەیەنێتە سەفای تەواو. واتە بە بێ ئینفیعال و هوروژان، هەروەک لە لای نەسرانییە مەندائییەکانی عێراقیش دا هەستی پێ دەکرێت کە بە گریان دەزنوێژ دەشکێ. ئەمە بە ڕای من ڕاسترین هۆشیارییە بەرامبەر بە وجوود، بەرامبەر بە خود. ئەوەی دیکەش تێکەڵوپێکەڵییەکە لە گریان و کرووزانەوە ترس و ئینفیعال کە ئینسان نە خاوەن خۆیەتی نە خاوەن هۆشیاری خۆشیەتی. ئەمە ڕەنبگێ هەرە کاڵترین سۆزی ئاینیی بێت! چونکە ترس و هۆشیاریی ڕاستەقینە دوو دژەیەکن.

کۆ/دەنگ ڕووی دەمی دەکاتە مەولا. ڕووخساری شاراوەی ئێمە و دەڵێ :' مەولا گوێ ڕادێرە/ شار خوڕ خوڕ/ لە ناوەویرا وڕواوە بە گریان." لا ٦٤.

ئەمە بارێکی سایکلۆژی ئینسانە. گریان کاتێ تێکەڵی ترس و پێنەگرتن دەبێ، بە جۆرێ لە پاشەکشێ دەکرێ بخوێندرێتەوە. لە لای فروید و دەروونناسان بە گەڕانەوە و پاشەکشی دەناسرێتەوە. " شار منداڵترە لە جاران" لا ٧٠. واتە هەراش نابێت، گەورە نابێت، پێناگرێ، زمان ناگرێ. تەهلیلەکانی تەنها بە فرمێسک دەنووسێتەوە.!

لە ڕاستی دا، ئەم تەهلیلەیە لە پێناو گەیشتنە بە "شار"، شاری ئەبەدی. شاری پیرۆزی ئاسمان، نەک شاری فەزیلەی سەر زەمین. ئەمە قەدەری ئەو ڕۆژهەڵاتەیە کە گەورە نابێت. قوربانی دەدات و

گەورە نابێت، قوربانی دەدات و بەدەم ڕێوە دەگرێ. " لەودیوی ڕاکردنە بەتینەکان/شارێک دیارە/ پانتاییەکە بۆ ئارامی و/ قوربانییەکی مەزن."لا ٧٢.

لە کوێ دایە ئەو شارەی کە پانتاییەکە بۆ ئارامیی؟یا بەهەشتی ئاسمانە یا گۆڕستانەکانە؟ ئا ئەمە مێژووی شار!

تاقە هیوا ئەوەیە کە ئەم سەفەری مەرگە دەمانباتەوە "بەرەو ڕۆژهەڵات/ لای پەیامەکانی خوا" لا ٨٠.

بە رای من لێرە کۆ/دەنگەکە کۆتایی دێت و کۆتایی نایەت.

چەند سەرنجێک

شیعر دەنگێکی قووڵی تاکێکی فەردی خەللاقە. واتە دەنگە شاراوە و نهێنییەکانی شاعیرە. لێرە دوو دەنگ تێکەڵی یەکتر دەبن و تاکی خەللاق لە خزمەتی کۆمەڵ کۆتایی دێت. لێرە هەڵبەتە وەزیفەکانی دوعا و نوێژ و پاڕانەوە لە نێو دەنگی جەماعەت دا واتاکانی خۆی بەرجەستە دەکات. هەڵبەتە دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت، کە ئەم دەقە جگە لە وەزیفە شیعرییە ڕووتەکەی، وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتیشی هەیە ئەگەر نەڵێین سیاسی. بەڵام بە زمانێکی دیکە دوور لەو زمانە شیعرییەی کە شیعری کوردی پێی ڕاهێنایەن و گەیشتە بنبەست.

بەڵام لە خوێندەوە هەرە خێراکانی ئەم دەقە، سەرتاپای بوحران و قەیرانە مێژوویی و هەنووکەییەکانمان ئاشکرا دەبن و چمکەکانی شەهادەت و قوربابی هەندەی ئاوێزانی عەدەم و چمکە ئەفسانییەکان دەبن هەندە لە ئایندە بە مان مێژووییەکەی دروست ناکەن. ڕەمزەکان ئاوس دەبن بە بێ ئەوەی لە خزمەتی ئێستا دا بن.

ناونیشانی"ڕەنگی خۆڵ" دەکرا هەر بە "خۆڵ" بوایە. زیاتر ئیحابەخش دەبوو، چونکە خۆڵ، ڕەنگەکەشی لە گەڵ دایە. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیش مەبەستە هەرە زەقەکانی ئەم دەقە، باوەشی خۆڵە.

ئەم دەقە شیعرییە هەندە ئاوڕدانەوەیەکە بەرە و مێژوو، یا بەرەو دواوە، هەندە سەفەرێک نییە بەرەو مەحال و موستەحیل. دەکرێ ئەم دەقە وەکو ئاوێنەیەک بچووێندرێتە کە باڵای خۆمانی تیا ببینی کە هەمیشە غەرقی خۆڵە.

هەندەی لە نێو شکستییەکانی قوربانی دا دەژێت، هەندە پەڕانەوەیەک نییە بەرە و ئەودیوێکی ڕاستەقینە.

پانتایی پیرۆز کاتێک تەشەنە دەکات و هەموو لایەک دەتەنێ، ئینسان هەست بە دڵگوشران دەکات و مەوداکانی تەسک دەبێت و لە ژێر میهرەبانی قەدەر دا، لە دەرەوەی مێژوو دەژێت.

دوا سەرنج : ئەگەر تا ئێستا شیعری کوردی بەوە ڕایهێناوین کە بە زمانێکی سیاسیئامێز شکستەکانمان بنووسینەوە، لە "ڕەنگی خۆڵ" بە لاڵانەوە و تەهلیلە ئەم شکستانە دەنووسینەوە.